**پرسیارەنموونەییەکانی وانەی(زمانی راگەیاندن) قۆناغی دوو-2**
**بەیانیان و ئێواران**

**پ 1: ئەم ئەرکانەی زمان چ ڕۆڵێکیان هەیە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆیی:**
**1- سوودمەندی 2- رێکخەری 3-کارلێکردن .**

**پ2: لە ئەرکی (ئەندێشەیی و گەیاندن و هێمایی ) زمان بدوێ و بایەخیان بۆ گۆمەڵگای مرۆڤایەتی شیبکەرەوە .**

**پ3: بەشێوەیەکی گشتگیر پێناسەی زمان بکەو(پێنج -5) لەتایبەتییەکانی زمانیش بژمێرە .**

**پ4: باس لە پێکهاتەکانی زمانی رادیۆو تەلەفزیۆن بکەو گرنگترین ڕەگەزو پێکهاتەکانی بژمێرەو پێکهاتەی ( وشەی بێژەیی – گوتراو) یش شرۆڤە بکە .**

**پ5: ئاستەکانی ( چێژی هونەری و زانستی و کۆمەڵایەتی )لە بابەتی زمانەوانیدا شیبکەرەوە**

**پ6: چۆن هەواڵی ئێزگەیی (رادیو وتەلەفزیۆن) دەنووسرێ ..؟ باس لە رەگەزە سەرەکییەکانی نووسینی هەواڵی ئێزگی بکە**

**پ7:ئەو هۆکارو مەرجانەی پێویستە لەنووسەری ئێزگەدا هەبێ چین ..؟ یەکە یەکەیان بژمێرەو باسیان لێوە بکە .**

**پ&:گرنگترین تایبەتمەندییەکانی زمانی رۆژنامەگەری چین باسیان لێوە بکە**

**پ9: لە گرنگی مۆسیقا وەک رەگەزێکی بنەرەتی پێکهاتەی بەرنامەی ئێزگەیی بدوێ ، پاشان مەبەستەکانی بەکارهێنانی مۆسیقاش بۆ بەرنامەی ئێزگەیی بژمێرە و باسیان لێوە بکە .**

**پ 10: پێناسەی نووسەری رادیۆ بکەو پاشان سێ لەمانەی خوارەوە باس بکە :**
**1-نووسەری دیالۆگ 2- ئامادەکار**
**3- سیناریست 4-دانەر**

**پ11: ئەو تایبەتمەندیەتییەی زمانی مرۆڤ لە زمانی بونەوەرێکی تر جیادەکاتەوە چین ..؟ بیانژمێرە و باسیان بکە .**

**پ12: هەنگاوەکانی نووسینی هەواڵی رۆژنامەوانی چین و بیانژمێرە،پاشان باس لە نووسینی (تێکستە هەواڵ ) بکە .**

**پ 13: ئەرکی زمان چی یە ؟ باسی لێوەبکەو پاشان لەم سێ ئەرکەی زمان بدوێ :**
**1-ئەرکی دەربرین 2-ئەرکی راگەیاندن 3- ئەرکی وتار بێژی**

**پ14: ئاستەکانی دەربڕینی زمانەوانی چین باس لە ئاستەکانی دەربڕینی زمانەوانی بکە**

**پ15: لە تایبەتمەندییەکانی تێکستی ئێزگەیی بدوێ و جۆرەکانی ئەو تێکستە بەتەواوەتی بخەرە ڕوو .**

**پ 16: باس لە شوێنی و پێگەی زمانی رۆژنامەنووسی بکە لە نێو جۆرەکانی پەخشاندا .**

**پ 17:باس لە پێکهاتەکانی زمانی رادیۆ و تەلەفزیۆن بکەو گرنگترین رەگەزو پێکهاتەکان**

**پ18: جیاوازی نێوان زمان و ئاخاوتن لە تێگەیشتنی فێردیناڵد دی سۆسێر بژمێرە**

**پ19: لە تایبەتمەندییەکانی زمانی راگەیاندن بکۆڵەرەوە وباس لەم تایبەتمەندێتییانە بکە :**
**1-ڕوون و ڕەوانی 2- هاوچەرخی 3-گونجاوی 4- سەرنج راکێش 5- کورتبڕی .**

**پ20: مەرجانە چین کە پێویستە لە نووسەری ئێزگەدا هەبێ،بیانژمێرەو لە (2- دووانیان) بدوێ .**

**پ21: لە پێکهاتەی زمانی رادیۆو تەلەفزیۆن داباس لە پێکهاتەی (کاریگەرییە دەنگییەکان) بکەوجۆروئامانجەکانی. بخەر ڕوو .**

**پ 22: شێوازی ئێزگە و تایبەتمەندییەکانی تێکست باس بکەو دەستەواژەی ( کەسایەتی ئێزگەیی ) شیبکەرەوە .**

**پ23: جیاوازی لە نێوان نووسەری سیناریۆو نووسەری دیالۆگی ئێزگەیی چی یە ..؟ جیاوازییەکان بخەرە ڕوو .**

پ 24: باس لە کاریگەرێتییە دەنگییەکان بکە کاتێ دەبێتە ئاماژەدان بە :
1-کات 2-شوێن 3-سایکۆلۆژجی 4- هەڵوێستی نمایشکراو 5- سەرەتاو کۆتا .

پ25:باسی بنەماکانی نووسینی ئێزگەیی بکە و تەواوی خاڵەکانی ڕەچاوکردنی :
( کورتبڕی ) و( سادەی و ڕوونی ) بۆ نووسینی هەواڵی ئێزگەیی روونبکەرەوە و بیانژمێرە .
پ 26: لە تایبەتمەندییەکانی تێکستی ئێزگەیی بدوێ و باس لە (تێکستی ناتەواو) بکە .
پ 27: لە زمانی رۆژنامەگەری وشێوازەکانی بدوێ و باس لە شرۆڤەی زمانی رۆژنامەوانی لە نێو جۆرەکانی پەخشاندا بکە .
پ 28: گرتە لە پێکهاتەکانی زمانی رادیۆ و تەلەفزیۆنە ، باسی لێوە بکەو لە پۆلێنی قەبارەی گرتەکان بکە .
پ29: باس لە گرنگی مەرجی هەبوونی (رۆشنبیری گشتی ) و ( هاوژیانی و تێکەڵ بوون لەگەڵ خەڵک و ئامادەبوون بەردەوام لە نێو کۆمەڵگا د)بۆ نووسەری ئێزگەیی بکە .
پ 30: لەم دوو مەرجە سەرەکیانەی خوارەوە بدوێ کە بۆتێکستی ئێزگەیی پێویستن :
1-پابەندبوون بە کات و ماوە
2-پابەندبوون بەداب ونەریت و خوو و ڕەوشتی کۆمەڵگا .